# ئەلفوبێی باشوور



ن/ فادیا ئەلخەشەن
و/ عەباس عەبدوڵڵا یوسف

کوا ڕووناکی
لە باشووردا گوڵەکەی دەپشکوێ
کوا ئەلفوبێیەکان
ئاستەنگەکانی بەر ڕستە پێک دێن
گوێم لە هەڵۆیەکانی باکان دەگرت
ئەوانیش بە گلکۆ چاندنەوە خەریک بوون
گوێم لە گمەگمی کۆترێکی بێگەرد دەگرت
لە شەوێک دا، تەختەخەوەکەی ستەمکارییە
تەمومژی جیهانی، شاپەڕەکانی قرێژاوی کردبوو.
بە نامۆییەکی ئەوها
لە خوێن بەرتەسک نابم
بە بیانییەکی ئەوها
بکەوێتە ناو تەختەخەوی بەتاڵی خواچەکانەوە
وەک ئەو پەنجانەی کە لە بروسکەیەکەوە
لەناو کێڵگەیەکی دوور و کوێردا ماونەتەوە
لە خوێن بەر تەسک نابم
ئەوها
جەستەکە وەک دیواربەندێک هەڵواسرابوو
لەسەر تاکە درەختی ڕێگایەکەش
کراسێکی تێوەردرابوو بچووک و گۆرەوییەک
لە چاودا ئاسۆ دەهەڵمێ، ئاسمانیش
هەر لەو بەینەدا بەشیرە سوورەکەی خۆی دەشوشت
بە داخەوەم، چونکە لە باوەشکردن بۆتە تۆز
بە داخەوەم
چونکە پۆستە وەک پشیلەی
ناو بەلەمێکی خنکاودا
ئەمە جەنگەکەیە
دراماییەکی نەگەییوە.

* خاتوو (فادیا الخشن) شاعیرێکی سوورییە و لە دانیمارک نیشتەجێیە، ئەم دیوانانەی بە زمانی عەرەبی چاپ کردووە:
(کۆی مێکراوەی ئەڤیندار.. ئەڤین هەڵمەت بردنێکی پیرۆزە.. ئاشنا بەکانیاوەکانی خۆی.. لە تۆوە ئاگرێک بە دوام دادێ)
بۆ منالانیش کۆکراوەیەک بەناونیشانی (پشیلەی سپی)

*** خواچە= إله**
*** دەهەڵمێ= دەبێتە هەڵم**